سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

ڕانانی ئایندەیی ژمارە (٩)

# سەردەمی بایدن...
## سیاسەتی ئیدارەی نوێی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا؛ لێکەوتەکانی لەسەر عێراق و کوردستان

توێژەران:
د.یوسف گۆران، د.ئومێد رفیق فتاح، د.عابد خالد رسول، د.هەردی مهدی میکە

سلێمانی
شوباتی ٢٠٢١

- سەردەمی بایدن... سیاسەتی ئیدارەی نوێی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا؛ لێکەوتەکانی لەسەر عێراق و کوردستان

www.centerfs.org

- ڕانانی ئایندەیی ژمارە (٩)
- توێژەران: د.یوسف گۆران، د.ئومێد رفیق فتاح، د.عابد خالد رسول، د.هەردی مهدی میکە
- سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی - سلێمانی - هەرێمی کوردستان
- شوباتی ٢٠٢١

## سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

سەنتەرێکی توێژینەوەی زانستیی ناحکومییە دامەزراوە بۆ سوودی گشتی

**ئامانجەکانی سەنتەر:**

١. پاڵپشتیکردنی پرۆسەی لێکۆڵینەوەی زانستی وهاندانی پسپۆر ولێکۆڵەران بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و بەدواداچون بۆ ئەو بابەتانەی بایەخدارن بۆ پسپۆڕییەکانی ئاینەدەزانی ستراتیژی وسیاسەتی گشتی و دەرەکی.
٢. بەشداریکردن لە پێشکەوتن و پەرەپێدانی فەلسەفەی لێکۆڵینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستاندا.
٣. پێشکەشکردنی ڕاوێژی زانستی و شارەزایی لێکۆڵینەوە بە دەزگا حکومییەکانی هەرێم.
٤. پێشکەشکردنی ڕاوێژی زانستی و شارەزایی لێکۆڵینەوە بە کەرتی تایبەت و دەزگا نا حکومییەکانی هەرێم.
٥. بەشداریکردن لە پەرەپێدانی پرۆگرامی خوێندن لەبوارەکانی پەیوەندیدار بە پسپۆڕییەکانی سەنتەر.
٦. ئەنجامدانی کۆنفراس و سیمیناری زانستی بۆ پشتیوانیکردنی پرۆسەی توێژینەوەی زانستی.
٧. هەماهەنگیکردن لەگەڵ سەنتەرە حکومی وناحکومییەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی لەناوخۆ و دەرەوەی هەرێمی کوردستان و ناوخۆ ودەرەوەی عێراق لەپێناو گواستنەوە و ئالوگۆڕکردنی بیروڕا و شارەزایی زانستی.
٨. بەدواداچوون و پێوانەکرنی ئاراستەکانی رای گشتی بۆ ئەو بابەتانەی جیگەی بایەخی هاووڵاتیانن.
٩. ڕاهێنان و پێگەیاندنی توێژەر لەبواری پسپۆڕییەکانی سەنتەردا.
١٠. کارکردن لەسەر ئەو پرس و دۆزە ستراتیژییانەی کە تائێستا لە کوردستاندا بەشێوەیەکی زانستی وبەپێی پێوەرە ئەکادیمییەکان کاریان لەسەر نەکراوە.

**چالاکییەکانی سەنتەر:**

١. نوسین و ئەنجامدانی لێکۆلینەوەی زانستی و پۆلیسی پەیپەر وکتێب وبڵاوکردنەوەیان.
٢. ئەنجامدانی کۆنفرانس وکۆنگرەی زانستی وکۆڕ و سیمینار.
٣. دەرکردنی گۆڤارێکی ئەکادیمی مەحکەم ومتمانەپێدراو.
٤. ئەنجامدانی چاوپێکەوتن وبەرنامەی میدیایی.
٥. وەرگێرانی کتێب و جۆرناڵ وبڵاوکردنەوەی سەرچاوەی بیانی پەیوەندیدار بە پسپۆڕییەکانی سەنتەر.
٦. سودوەرگرتن لە هۆیەکانی راگەیاندن بەگشتی وئەنجامدانی ڕاپرسی بۆ ئاراستەکانی ڕای گشتی.
٧. کۆکردنەوەی داتا وزانیاری لەسەر کایەکانی سیاسەتی گشتی لە هەرێمی کوردستان وشیکردنەوە و بڵاوکردنەوەیان.

سەنتەری لێکۆڵینەوەیی ئایندەیی – پارێزگای سلێمانی – هەرێمی کوردستان – عێراق
Address: Pak City, A1, 6, 26
Website: www.centerfs.org - Email: info@centerfs.org - Tel: (+964) 0773 836 3758 - (+964) 0751 833 9135

# سەردەمی بایدن...
# سیاسەتی ئیدارەی نوێی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست؛

## لێکەوتەکانی لەسەر عێراق و کوردستان

**توێژەران:**
**د.یوسف گۆران، د.ئومێد رفیق فتاح، د.عابد خالد رسول، د.هەردی مهدی میکە**

## پێرستی تەوەرەکان

تەوەری یەکەم: ڕایەڵەکانی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە (سەردەمی بایدن)دا ٤

تەوەری دووەم: عێراق حەوشەی پشتەوەی تاران و واشنتۆن! ٧

تەوەری سێیەم: لێکەوتەکانی سیاسەتی نوێی ئەمریکا بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە کوردستان ١١

# سەرەتا

لە دوای دەستبەکاربوونی جۆ بایدن-ی سەرۆکی نوێی ئەمریکا و ئیدارەکەی، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کاراکتەرە جیاوازەکانی، بە هەموو قەیران و ململانێکانییەوە، لەبەردەم ئەگەری دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێدایە لەچوارچێوەی زنجیرەی سیاسەتەکانی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، ڕەنگە ئەم قۆناغە نوێیە هێندە جیاواز بێت لە قۆناغی دۆناڵد ترامپ-ی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا، کە بشێت بە "سەردەمی بایدن" ناوزەد بکرێت، بەتایبەت کە هەم خۆیی و هەم زۆربەی فیگەرەکانی ناو ئیدارەکەشی، ئەزموونی پێویستیان لەسەر ناوچەکە و کێشە و ململانێکانی هەیە. هەر لە دۆسییەکانی ئێران و ڕەفتارکانی لە دروستکردنی نائارامی بۆ ناوچەکە، تا قەیرانەکانی عێراق، سوریا و یەمەن و پەیوەندییەکانی واشنتۆن لەگەڵ هاوپەیمانە تەقلیدییەکانی لە ناوچەکەدا (سعودیە، تورکیا، ئیسرائیل) ئەوە جیا لە دۆسێکانی پرسی فەلەستین و چەندین قەیران و ململانێ دیکە، کە چاوەڕوان دەکرێت لەم سەردەمە نوێیەدا گۆڕانکاری ئاشکرا بەسەر ڕەوش و ئایندە و ئاکامەکانیاندا بێت. لەچوارچێوەی هەموو ئەمانەشدا ڕەنگە عێراق و کوردستان بە بەشێکی زۆر لە لێکەوتەکانی ئەم قۆناغە نوێیە و ڕایەڵی سیاسەتەکانی لە ناوچەکەدا کاریگەر بن.

ڕانانی ژمارە نۆ؛ لە سێ تەوەردا تاوتوێی بۆ هەندێک لەو ڕایەڵانەی سیاسەتی نوێی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کردووە کە لەم سەردەمەدا وەگەڕ بخرێن، لەگەڵ شرۆڤەکردنی لێکەوتە ئایندەییەکانی ئەو سیاسەتە لەسەر عێراق و کوردستان.

## تەوەری یەکەم:
## ڕایەڵەکانی سیاسەتی نوێی ئەمریکا بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە (سەردەمی بایدن)دا

بە گشتی، دوای دەستبەکاربوونی جۆ بایدن (چل و شەشەمین سەرۆک کۆماری ئەمریکا)، دەتوانرێت لە چوارچێوەی دوو تێڕوانیندا خوێندنەوە بۆ ئایندەی سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بکرێت: یەکەمیان ئەوەیە کە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر ئەم ناوچەیە، لە سەردەمی بایدندا وەک سەرکردەیەکی دیموکراتخوازەکان هیچ نییە جگە لە درێژەدان بەو ڕوانگەیەی کە بە نزیکەیی لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا، لە کۆتایی خولی یەکەمی سەرۆکایەتی باراک ئۆباماوە، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکای ئاڕاستە کردووە. تێزی سەرەکی ئەم ڕوانگەیە ئەوەیە کە ناوەڕۆکی بەرژەوەندییە باڵاکانی ئەمریکا لە ئێستادا چۆتە قۆناغێکی نوێوە و زۆر جیاوازە لە قۆناغی ماوەی نێوان کۆتایی هەر دوو جەنگی دووەمی جیهانی و سەردەمی جەنگی سارد، لەم قۆناغە نوێیەدا دەوڵەتی چین یەخانگیریی سەرەکی ئابووری و سیاسییە بەرامبەر ئەمریکا نەک ڕووسیا، بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ ڕۆژهەڵاتە نەک ڕۆژئاوا، بۆیە ئیدی وەرچەرخان بەرەو ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لەسەر حسابی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەم قۆناغە نوێیەدا سەردێری سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دەبێت، بە تایبەت کە بەهۆی زۆربوونی بەرهەمی نەوتی بەردین لە ناوخۆی ئەمریکادا، ڕۆژ دوای ڕۆژ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بایەخی ستراتیژیی جارانی وەک بەرهەمهێنەرێکی سەرەکی نەوت لای ئەمریکا لەدەست دەدات، هەر لەسایەی ئەم هۆکارەشدا بوو گۆڕانکاری تەواو بەسەر ئەو مێژووە درێژە لە پەیوەندی توندوتۆڵ لە نێوان ئەمریکا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هاتووە، کە دیارترین ئاماژەکانی بریتی بوو لە کشانەوەی سەربازی ئەمریکا لە ناوچەکە و بەدواشیدا کەمبوونەوەی چالاکییە سیاسیەکانی تێیدا.

بەڵام تێڕوانینی دووەم، ئەوەیە گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە لە چەند ساڵی ڕابردوودا و کاریگەرییە دوورمەوداکانیان لەسەر بەرژەوەندییە باڵاکانی ئەمریکا بۆ سەردەمی بایدن بەو ئاسانییە نابێت، بەتایبەت دوای ئەو گۆڕانکارییە زۆرانەی کە لە بەرەوپێشچوونی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێراندا ڕوویداوە و مەترسییەکانیشی وەک هەڕەشەیەکی جیهانی زیادی کردووە، لەپاڵ هەڕەشەی دووبارە سەرهەڵدانەوەی تیرۆر و گرووپە تیرۆریستییەکان لەناوچەکەدا و مەترسییە ڕاستەوخۆکانی بۆسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، ئەمە وێڕای ئاڵنگارییەکانی پەلهاویشتنی چین بەرەو ئاسیا و ئەفریقا، بەپێی پرۆژە زەبەلاحەکەی کە ناسراوە بە "پشتێن و ڕێگا" و کە وەک ئەژدیهایەک زۆرێک لەو وڵاتانەی کە پێشتر لە خولگەی ڕۆژئاوا و ئەمریکادا بوون بخاتە خولگەی هەژموونی ئابوری و سیاسی و ستراتیژی چینییەوە، هەر لە باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا، ئۆقیانووسیا، ئەفریقا، ئاسیا، ڕۆژهەڵات و باکوری ئەوروپا، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دەریای باکووری ڕوسیا، کە بە نزیکەیی تا ئێستا ١٣٠ دەوڵەت بەشێوەیەک لە شێوەکان ڕەزامەندییان لەسەر پرۆژەکە ڕاگەیاندووە، زیاد لە نیوەی ئەم

ژمارەیش ڕێککەوتنامەیان لەگەڵ پەکین ئیمزا کردووە. هەڵبەت بەشێک لە تێپەڕگەکانی ئەم پڕۆژەیە بە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەڕوات کە بۆ چین جێی بایەخە، بەتایبەت وڵاتانی نەوتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە دابینکەری سەرەکی وزەن و هەندێکیان (وەک سعودیە) گەورەترین هەناردەکەری نەوتن بۆ چین. بۆیە بەپێی ئەم تێڕوانینە هەموو ئەم هەڕەشە و مەترسییانە، ئەمریکا ناچار دەکات لە ماوەی سەرۆکایەتی بایدندا پێداچوونەوە بەو چەمکەی بەرژەوەندییە باڵاکانییدا بکاتەوە کە لە دە ساڵی ڕابردوودا گەڵاڵەی کردووە، لەم پێداچوونەوەیەشدا جارێکی دی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست جێی بایەخی زۆری ئەمریکا و تەنانەت تەوەرێکی گرنگی کێبڕکێ نێودەوڵەتییەکانیش دەبێت.

هەرچەندە سەختە لە ئێستادا بتوانین لەوە دڵنیابین کە کام لەو دوو تێڕوانینەی سەرەوە دەبنە نەخشەڕێژی ئایندەی سیاسەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا (لە ماوەی چوار ساڵی داهاتووی حوکمڕانی ئیدارەکەی بایدندا)، بەڵام گەر بەخێرای لە پاشخانی هەندێک لە فیگەرەکانی ئەم ئیدارەیە بڕوانرێت، ڕەنگە بتوانرێت پێشبینی هەندێک لە سیناریۆکانی ئەو ئایندە نزیکە بکەین:

- بریت ماکگورک؛ (ڕێکخەری سەرۆکی ئەمریکایە بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وباکوری ئەفریقا) نێردەی تایبەتی باراک ئۆبامای سەرۆکی پیشوتری ئەمریکا بووە بۆ هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە دژی داعش و پێشتریش لە دیزاینەرانی دەستوری عێراقیی بووە.

- ئەنتۆنی بلینکین؛ (وەزیری دەرەوەی ئەمریکا) بەوە ناسراوە لە لایەنگرانی بژاردەی دبلۆماسییە لەگەڵ ئێران و پاڵپشتێکی بەهێزی ئیسرائیلیشە، جگە لەوەی کە هەواداری گەڕانەوەیە بۆ هاوپەیمانی و ڕێکخراوە فرەلایەنەکان.

- لوید ئۆستن؛ (وەزیری بەرگری ئەمریکا) لە دوا ژەنەڕاڵەکانی ئەمەریکایە کە سەرکردایەتی داگیرکردنی عێراقیان کردوە، هاوکات یەکەم پیاوی ڕەشپێست بووە بووەتە سەرکردەی فەرماندەی ناوەندی سوپای ئەمریکا کە تایبەتمەندە بە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

- وێندی شێرمان؛ (جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا) ساڵی ٢٠١٥ سەرۆکی وتووێژکارانی ئەمریکابووە لە دانوستانەکانی ڕێککەوتنامە ئەتۆمییەکەی ئێران و لە ماوەی ئیدارەی ئۆباماشدا جێگری وەزیری دەرەوە بووە.

- ڕۆبێرت مالێی؛ (نێردەی تایبەتی سەرۆکی ئەمریکایە بۆ دۆسێی ئێران) پێشتر ڕاوێژکاری ئیدارەی ئۆباما بووە و ئەندامی تیمی دانوستاندنکارانی ئەمریکا بووە لە دانوستاندنەکانی ڕێککەوتنامە ئەتۆمییەکەی ئێران، جگە لەوەی لە شارەزایانی ئەکادیمیی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیشە،

- لەسەرو هەموشیانەوە کامالا هاریس؛ (جێگری سەرۆکی ئەمریکا) بەوە ناسراوە کە نوسخەیەکی ژنانەی ئۆبامایە.

کەواتە بە تێڕوانین بۆ فیگەرەکانی ئیدارەی نوێی ئەمریکا، دەتوانین بڵێین گرنگترین ڕایەڵەکانی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ماوەی چوار ساڵی داهاتوودا بریتی دەبن لە:

١- گەڕانەوە بۆ دانوستاندن بەمەبەستی دووبارە پابەندبوونەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە ڕێککەوتننامە ئەتۆمییەکەی ئێران، بەڵام بە ڕاوێژ لەگەڵ هاوپەیمانانی ئەمریکا و بەشدارانی

ڕێککەوتننامەکە، بەشێوەیەک کە بەر لە هەڵگرتنی سزاکانی سەر ئێران بتوانرێت لە دانوستاندنەکاندا زامنی سنووردارکردنی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران توندتر بکرێت، لەگەڵ چارەسەرکردنی بەرنامە مووشەکییەکانی ئێران لەهەمان ڕەوشدا.

٢- چاوخشاندنەوە بە پشتیوانییە سەربازییەکانی ئەمریکا بۆ وڵاتانی کەنداو لە جەنگی یەمەندا، بە تایبەت سعودیە کە بەهۆی ئامادەنەبوونی ئیدارەی نوێی ئەمریکا بۆ چاوپۆشیکردن لە تێوەگلانی سەرانی ئەم وڵاتە لە کوشتنی جەمال خاشقچی-دا، ڕەنگە ئەمەش لەماوەی داهاتوودا گرژییەکی زۆر بخاتە پەیوەندییەکانی نێوانیان، هەرچەندە سعودیە دەخوازێت لەم کاتەدا سوود لە کارتی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئیسرائیلدا وەربگرێت.

٣- جەختکردنەوە لەسەر جەنگی دژ بە تیرۆر لە ناوچەکەدا، وێڕای هەوڵدان بۆ کۆتاییهێنان بە ناکۆکییەکان لە ئەفغانستان و عێراق و بەردەوامیدان بە کشاندنەوەی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لەم دوو وڵاتە بۆ ئاستێکی کەمتر.

٤- پابەندبوونی هەمیشەیی ئەمریکا بە ئاسایشی ئیسرائیل، وێڕای ئەو تورەییەی لە ٢٠١٨ ەوە لە ناوچەکەدا بەرامبەری دروستبووە بە هۆی گواستنەوەی باڵیۆزخانەکەی لە تەلئەبیبەوە بۆ قودس، هەرچەندە پێچەوانەی ترامپ کە زیاتر لایەنگیری ئیسرائیل بە هەڵوێستەکانییەوە دیاربوو، بایدن (وەک نەریتێکی دیموکراتەکان) پابەندە بەچارەسەری "دوو دەوڵەتی" فەلەستینیی و ئیسرائیلییەکان.

٥- هەوڵدان بۆ تۆخکردنەوەی ئامادەیی ئەمریکا لە ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، لانی کەم بە ئاستێکی پێویست بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئاڵنگارییەکانی هەریەک لە ڕوسیا و چین، کە یەکەمیان بە سوودوەرگرتن لە تێکچوونی ئارامی ناوچەکە و سەرهەڵدانی ناکۆکیەکان، هەوڵ بۆ گۆڕینی پێکهاتەی ئەمنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەدات لەپێناو فراوانکردنی هەژموونی لەناوچەکەدا. هەرچی دووەمیشە (چین) دەخوازێت بە سودوەرگرتن لە لاوازی ئابووریی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێگەی خۆی لە ناوچەکەدا بەهێزتر بکات.

# تەوەری دووەم:
# عێراق حەوشەی پشتەوەی تاران و واشنتۆن!

**- سەبارەت بە پرسە گشتییەکان لە عێراق:**

یەکێک لە گۆڕاوە کاریگەرەکان لەسەر سیاسەتەکانی ئەمریکای سەردەمی بایدن، دۆسێی درێژخایەنی ئێران ئەمریکایە، هەر جۆرە مامەڵەیەکی توند یان نەرم لەگەڵ ئێراندا ڕاستەوخۆ کاریگەریی دەبێت لەسەر سیاسەتەکانی ئەمریکا لە عێراق و ناوچەکەدا، ئەزموونی بایدن (جیا لە سەردەمی سیناتۆری و سیاسەتکردنی دوورمەودا) و مامەڵەی "نە شیش بسووتێ نە کەباب"ی لەگەڵ ئێراندا لە کۆشکی سپییەوە دەگەڕێتەوە بۆ ٢٠٠٩، ئەوکاتەی کە جێگری سەرۆکی ئەمریکا (ئۆباما) بوو، کە دۆسێی عیراق درایە دەستی، هەر ئەو دەم زانی ئەوە تەنها ئەمریکا و هاوپەیمانانی نین کە پرسی دەوڵەتداریی و بەڕیوەبردنی هاوکێشە ئاڵۆزەکانی عێراق بەڕێوەدەبەن، بەڵکو هاوبەشێکی ناچاریی هەیە کە ئێرانە و ڕکابەرێکیشی هەیە کە قاسمی سولەیمانی بوو، بەهەمانشێوە ئەویش پرسی بەڕێوەبردنی دۆسێی عێراقی لە لایەن وڵاتەکەیەوە پێسپێردرابوو. هەر ئەوکاتیش جۆرێک لە ڕێگەی دبلۆماسییەتی نهێنی و مامەڵەی واقیعگەرایانەوە، تاڕادەیەک ستوونی و ئاسۆیی بەیناوبەین لە کێکی دەوڵەتەوە تا پانتایی تایەفییان پێکەوە تا هاتنی ترەمپ بۆ کۆشکی سپی ئیدارەدا.

هەرچەند جیهان و عێراقی ئێستا و دۆخی پاش کۆرۆنا و بایدنی هەنووکەیی گۆڕاوون و ناتوانرێ هەمان کەسێتی و دەوڵەت و سیاسەتی ٤ساڵی پێشووتر ببینرێنەوە. بەگریمانەکردنی ئەوەش کە هیچ یەک لە واشنتۆن و تاران (بە سەردەمی ترەمپ و قاسم سولەیمانیشەوە) نەیانوویستووە جەنگی دەستەویەخە و گەرم و ڕووبەڕوو هەڵبگیرسێنن، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە هێشتا عێراق، حەوشەی پشتەوەی هەریەک لە واشنتۆن و تارانە، هەر نزیکبوونەوە و دوورکەوتنەوەیەک کاردەکاتە سەر ئارامی، سەرووەریی، گەشەی عێراق بە سەرجەم پێکهاتەکانییەوە، هەردوولا، عێراق کارتی نەرم و توند و سێبەری دەستییانە.

ئەگەرچی هەم خۆیی و هەم ئەندامانی تیمە پەیوەندیدارەکی بە پرسەکانی عێراقەوە، باش ئاگاداریی پرسەکانی ئەم وڵاتەن، بەڵام هەنووکە سیاسەتی نوێی بایدن لەبارەی عێراقەوە ڕوون و تەرجەمەکراو نییە، لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانیشیدا ئاماژەیەکی سەراپاگیر و ڕوونی بۆ سیاسەتی خۆی لە عێراقدا نەکرد. دیارە ئەو ڕاستییەیان چاک دەرک کردووە، کە داڕشتنی سیاسەتی نوێ بەرامبەر بەغدا بە بێ یەکلاکردنەوە و داڕشتنی سیاسەت بەرامبەر تاران لۆژیکی و واقیعی نابێت.

لە پرسی عێراقدا سێ فاکتەری "کۆنی نوێ" کاریگەریی تەواویان لەسەر مامەڵەی ئیدارەکەی بایدن لە عێراقدا دەبێت:

١. پرسی میلیشا کۆن و نوێکانی لایەنگری ئێران لە عێراق: هەر لە سەردەمی ئۆبامادا، لە ساڵی ٢٠١٤ بەدواوە و خۆڕێکخستنەوەی "میلیشیا ئێرانییەکان"ی عێراق بە بیانووی بەرەنگاری داعشەوە، دوایین ئەو تەگەرانە بوون کە هاتنە پێشی ئیدارەی ئۆباما و تیمەکەی، هەم ئێران و هەم میلیشیاکانی لەوکاتەدا بە سیاسەتی هەڵکشان و داکشانییان بەرامبەر کۆشکی سپی، توانییان هەلێکی

نوێی ئابووریی و سیاسیی بدەنەوە خاوەنەکانیان(ئێران)، بە هێنانەسەرخەتی ئەمریکا و ئارەزووی کۆشکی سپی بۆ ڕێککەوتنی ٥+١. ئێستا هەم دیسانەوە هەم ئەو میلیشیایانە (حەشدی وەلائی و یاوەرانیان)و هەم میلیشیای نوێ لە منداڵانی ئەمانەوە سەریان هەڵداوە (ئەسحابولکەهف، سەرایای عشرین، ئەولیائودەم و ڕەبعەڵلا و...تاد)، کە ئەمانەی دووەمیان هەم کارەکانی جارانی حەشد لە لێدانی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا ئەنجام دەدەن و هەم تەکنیکێکی نوێی دەستی قائانی جێنشینی قاسم سولەیمانییە بۆ نمایشی بازووی ئێران بەرامبەر ئەمریکا. بۆیە ئەرکی نوێی بایدن تەنها سنووردارکردنی حشدی وەلائی و ڕازیکردنی پێکهاتەکانی عێراق نییە، بەڵکو مامەڵەشە لەگەڵ نەوەی دووەمی حەشدی وەلائی و نوێ.

٢. پرسی ڕێککەوتنی ٥+١: یەکێک لەو پرسانەی دیکە کە ڕاستەوخۆ کاریگەر دەبێت لەسەر سیاسەتی هەرێمی و عیراقی کۆشکی سپی، گەڕانەوە یان نەگەڕانەوەیە بۆ ڕێککەوتنی ٢٠١٧ی ٥+١ی پەیوەست بە ئێرانەوە، لە ئەگەری نزیکبوونەوەدا، ئەوا ئێران لە ڕووەکانی: سپیکردنەوەی پارە و گرفتی بانکی و دراوی، هەناردەکردنی نەوت، کڕینی پێداویستییە پیشەسازی و جەنگییەکانی و ..تاد، فشاری خۆی لەسەر بەغدا و هەولێر کەمتر دەکاتەوە، چونکە ئەوکات ڕاستەوخۆ بەشێک لە سپیکردنەوە و "پێچپێلێدانی سزاکان"ی لەسەر هەڵدەگیرێت و بارگرانی بۆ عێراق کەمتر سازدەکات.

بەڵام لە سیناریۆی نەگەڕانەوە بۆ ٥+١ یان لانیکەم هەمووارکردنەوەی ڕێککەوتنەکەیە، ئەوا فشاری ئێران ڕاستەوخۆ لە عێراقەوە دەبێت و پانتایی ئەم وڵاتە باشترین هەل دەبێت هەم بۆ بازرگانی و کەمکردنەوەی کاریگەریی سزاکانی، هەم نمایشکردنی بازووی توندی خۆی، کە ناچاری دەکەن پەنابەرێتە بەر توندەهێز و نەرمەهێزی خۆی لە عێراق و سەرئێشەسازیی بۆ ئیدارەی کۆشکی سپی لە عێراقدا.

دیارە هەر لە کۆتاییەکانی ئیدارەی ئۆبامادا، گرفتە تەکنیکی و سیاسییەکانی ٥+١ دەرکەوت و خودی کۆشکی سپی و ئسوڵییەکانی نێو ئێرانیش کەوتنە ڕەخنەکاریی ڕێککەوتنەکە، هەرچی ڕەخنەگرانی ئەمریکایە، پێیانوابوو کە ڕێککەوتنەکە کەمووکوڕی هەیە، لەسەر ئەو بنەمایەی کە دەبوو تێیدا موشەکی کیشوەربڕ و دوورهاوێژی ئێرانیش سنووردار بکرێت بەوپێیەی لەواقێعدا ئەوە مووشەکەکانن هەڕەشەی ڕاستەقینەن بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی بەر لە ئەتۆم، ئەوەتا ئێران بەو مووشەکانە توانیوویەتی بەرژەوەندی واشنتۆن و هاوپەیمانانی لە یەمەن، لوبنان، سوریا و عێراق و هەرێمی خستووەتە مەترسییەوە.

ئێستا ئێران ئەوە هیچ کە دەستی لە موشەکاندن و پشتیوانی پرۆکانی لەو وڵاتانە هەڵنەگرتووە، بەڵکو بە پرۆژە یاسایەک ٢٠٪ کورە و پیشەسازییە ئەتۆمییەکانی خستووەتەوەکار کە پێچەوانەی بەندەکانی ڕێککەوتنەکەیە.

هەردوو کۆشکی سپی و پاستۆریش، یەکتر تۆمەتبار دەکەن بە پێشێلی ڕێککەوتنەکە و هیچکامیان نایانەوێت دەسپێشخەربێت بۆ نەرمی نواندن، لە کاردانەوەیەکیشیدا، بایدن بە وەڵامی "نەخێر"ی قاتیع، دووپاتی کردەوە گەر ئێران نەگەڕێتەوە بۆ ٥+١، هیچ جۆرە مەیلێکی بۆ

دووبارەکردنەوەی سەردەمی ١+٥ نییە، گەرچی لە کۆنگرەی میونیخی ئاسایشیی ڕۆژی هەینیدا دەرگایەکی نوێی بۆ ئێران ئاوەڵا کرد، بەڵام بە تێبینی و تەحەفوزاتەکانی پێشترییەوە. جیا لەمانەش ئاکامەکانی هەڵبژاردنی پێشوەختی سەرۆکایەتی ئێرانیش کاریگەر دەبێت لە کەمکردنەوە و زیاترکردنەوەی ئەو مەودایەی تاران و واشنتۆن.

٣. پرسی کورد لە ئێران و عێراق: دیسانەوە ئەم گۆڕاوەش کارتێکەر و کارتێکراوی نێوسیاسەتی بایدن دەبێت لەناوچەکەدا، گەرچی مێژووی سیاسیی بایدن زیاتر لەگەڵ کوردانی عێراقدا سازوکاری هەبووە، پرسی کوردی ئێران کەمتر لەئەجێندا سیاسییەکەیدا جێکردووەتەوە، بەڵام لە گریمانەی دوورکەتنەوەی زیاتری تاران و واشنتۆن، بێگومان پرسی کورد هەم لە ئێران وەک کارتی فشار لەسەر تاران و هەم لە عێراقیش کوردەکان دوایەمین پەناگەی ئارامی سەرباز و سیاسەتی واشنتۆن دەبن لە بەکارهێنانی خاکەکەیەوە بیگرە تا نینۆککردنی تاران و باڵانسڕاگرتنی هێزی ئەمریکا بەرامبەر پرۆئێرانیەکان لە عێراقدا.

لە ئاماژەکانی ئەم دواییەی نمایشی ئێران و پرۆکانی، چ لە هەرێمی کوردستان بە بۆردوومانکردنی بنکە و بەرژەوەندییە ئەمریکییەکان و هاوپەیمانانی، چ لە نێوەڕاست و باشووری عێراق لە بەئامانجگرتنی باڵیۆزخانەی واشنتۆن، کاروانە سەربازییەکانی هاوپەیمانان، لێدانی هێز و لایەنە سیاسییەکانی نزیک لە ئەمریکا و تیرۆرکردنی چالاکوانان، دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە سیاسەتی هەنووکەیی تاران و واشنتۆن هەواڵی خۆشی بۆ عێراقییەکان پێنابێت و ڕێگایەکی خوارووخێچ چاوەڕوانی عێراقە لە سێبەری گرژییەکانی ئەو دوو وڵاتەدا.

**- سەبارەت بە گروپە چەکدارەکان لە عێراق:**

سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرامبەر گروپە چەکدارەکانی عێراق، دەکرێت لە سەر سێ ئاست بخوێنرێتەوە:

ئاستی یەکەم: تارادەیەکی زۆر پەیوەست و گرێدراوی سیاسەتی دەرەکی ئەمریکایە بەرامبەر بە ئێران و ئەو گروپانەی لە لایەن ئێرانەوە پشتگیری دەکرێن، کە ئەمریکا وەك نوێنەری ئێران مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات.

ئەم گروپانە لە عێراقدا لەپێش کۆتاییهاتنی داعش وەك هێز و قەبارەیان، کە زیاتر وەك نەوەی یەکەمی تازەی گەشەکردوی مۆدێلی لوبنانی لە عێراق، جۆرێك پارێزگار و شەرمنانەتر ئاراستەکراو بوون بەرامبەر بە هەبوونی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراقدا، لەمەش بەشێك لەو هێزانە کە بانگهێشتی هاوپەیمانی نێو دەوڵەتییان کرد بۆ عێراق و شەڕی دژبەتیرۆر و پاراستنی ئاسایشی عێراق چەکەرەیان کردبوو. بەشەکەی تریان کە نەوەی دووەمی گرووپەکانن، زیاتر ڕاشکاو و رادیکاڵن لە ڕووی ئینتیماوە گوتارێکی ئاشکرا و مانیفێستێکی ڕوونیان هەیە و ئەمریکا وەك داگیرکەر سەیردەکەن، چەندین گرووپی بەرگری چەکدارییان دروستکردوە، ئەم گروپانە زیاتر لەدوای کوژرانی قاسم سولەیمانی و ئەبومەهدی موهەندیس بەدەرکەوتن. لەڕوی هێز و لۆژیکی سەربازی پێگە و قورساییان هەیە، تا رادەیەکی زۆریش قسەی یەکلاکەرەوەیان لایە.

ئاستی دووەم: مامەڵەی ئەمریکایە لە گفتوگۆی ستراتیژیی عێراق-ئەمریکا، کە بە ناوی گفتوگۆی ستراتیژیی ناسراوە، بۆ ئەوەی ئەو دۆسیە گرنگانەی گەنگەشە دەکرێن، پاشان وەك رێککەوتننامەی ستراتیژی واژوو بکرێت، یەکێك لە تەوەرە زیندووەکانی ئەم رێککەوتننامەیە، کە دڵی رێککەوتنامەکەشە دۆسیەی ئاسایش و چۆنێتی رێککەوتنە لەسەر بابەتی کەمکردنەوەی هێزەکانی ئەمریکا، بابەتی مەترسی تیرۆر، چۆنێتی بەهێزکردنی سوپای عێراق، هەڵوەشاندنەوەی گرووپ و میلیشا چەکدارییەکانە.

ئاستی سێیەم: مامەڵەی ئەمریکایە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بە گشتی و دۆسێی ئاسایشی کوردستان و مامەڵەکردنە لەگەڵیدا بەتایبەتی، سەبارەت بەوەی کە ئەمریکا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئاسایشی هەرێمی کوردستاندا دەکات، بایەخی ستراتیژی هەرێمی کوردستان بۆ ئەمریکا چییە، شوێنی هەرێمی کوردستان لە رێکەوتنی ستراتیژی ئاسایشدا چی دەبێت.

سەبارەت بە ئاستی یەکەم: ئەمریکا سیاسەتی ئاراستەکراوی دەرەوەی ئەوەیە کە لەگەڵ بەکارهێنانی هێز نییە دژی ئێران و بەدای گۆراوی تازە و جێگرەوەی سیاسیی نوێدا دەگەرێت، مۆدێلی هاوپەیمانی سعودی بۆ عێراق رەتدەکاتەوە. بۆیە گوتاری فەرمی ئێران و گروپەکانی کە نوێنەرایەتی دەکەن، بە راشکاوی ئەوەیە هاوسەنگی رابگرن لە نێوان فشارکردن و دژایەتیکردنی راستەوخۆ. ئەمەش ئەو دوو مۆدێلە نوێنەرایەتی دەکەن کە لە ئاستی دووەمدا باسکرا. واتە نەوەی یەکەم و نەوەی دووەم.

بۆ ئاستی دووەم: پابەندی ئەمریکا و عێراقە بەدرێژەدان بە پلانی درێژەدان بەگفتۆگۆ و گەیشتن بە رێکەوتنامەی ستراتیژی عێراقی-ئەمریکی، کاتێك لە وێنە گشتیەکەدا، راڤەی هەڵوێستەکان و رەفتاری سیاسی بکەین، بۆ نموونە دەستنیشانکردنی ماکگۆرك بۆ رۆژهەڵاتی ناوەراست، ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە کە زیاتر بە ئاراستەی سیاسەتی ناجێگردا هەنگاو دەنرێت، رەنگە کەمکردنەوەی هێزەکانی ئەمریکا بزاردە نزیکەکە بێت و رۆڵی میلیشاکانیش زیاتربێت.

بەڵام سەبارەت بە ئاستی سێیەم: کە هەرێمی کوردستان و ئاسایشی هەرێمی کوردستانە، هێرشە موشەکیەکەی شەوی (١٤ی شوبات) و کاردانەوە خێراکانی ئەمریکا بەرامبەر بەو هێرشانە و پەنجە راکێشان بۆ گروپە چەکدارییەکانی شیعە کە ناویان لەخۆیان ناوە هێزەکانی بەرگری، دەرفەتێکی تازە و سەرەتای دەرکەوتنی پاڵپشتییەکی رانەگەیەنراوی ئەمریکا بوو، لەدوای چوار ساڵ لە سیاسەتی تەماشاکەرێکی لایەنگری عێراق لەسەر حسێبی کوردستان.

ئەم دەروازەیە دوو ئامانجی سەرەکی تیا دەستنیشانکراوە، ئامانجێکی فشاریی بەرجەستە کە ئاشکرای کرد دەتوانرێت هەولێر بکرێتە ئامانج و پێگەیەکی پارێزراو نییە بۆ ئەمریکا. ئامانجی دووەمیش ئەوەبوو ئەمریکا لەرێگەی ئەم فشارەوە توانی خۆی مانیفێست بکات و دووریش نیە، لە دەرفەتی نزیکدا، گروپە چەکدارییەکان بکاتەوە بە ئامانج.

## تەوەری سێیەم:
## لێکەوتەکانی سیاسەتی نوێی ئەمریکا بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە کوردستان

سەبارەت بە هەرێمی کوردستان و رۆژئاوا، کاریگەرییەکانی سیاسەتی بایدن بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان و رۆژئاوا پەیوەستە بە چەندین بابەت و پێودانگ(محددات)ی تر کە گرنگترینیان:

یەکەم: خەسڵەتی گشتی دیموکراتەکان لە سیاسەتی دەرەکی و ئاسایشی نیشتمانی، فرەیی هاوپەیمان و ڕێکخراوە بەشدارییپێکراوەکان، خەسڵەتێکی دیاری سیاسەتی دیموکراتەکان بووە لە زۆربەی ئیدارە جیاوازەکاندا، هەروەها گرنگیدانی زیاتر بەپێوەری دیموکراسییەت و بەکارهێنانی وەك پێگەیەك لە پێگەکانی داڕشتنی سیاسەتی دەرەکی. بەم شێوەیە جیاوازی لەگەڵ سیاسەتی "تاکڕەو"ی ئیدارەی پێشووی ئەمریکا چ لەگەڵ هاوپەیمانە ئەوروپییەکان یان هی تر، لە دۆخی هەرێمی کوردستان و رۆژئاوادا بەدیدەکرێت، بەم شێوەیە مامەڵەکردن لەگەڵ هەرێم وەك لایەنێکی سەرەکی داڕشتنی سیاسەت لە عێراق لە ئیدارەی ئێستای بایدندا زیاتر برەوی پێدەدرێت، دوریش نیە مەیلی نێوەندگیریی نێوان پێکهاتە جیاجیاکانی عێراق لەکێشە جیاجیاکاندا لەسەردەمی بایدندا زیاتر پەرەی پێبدرێت.

دووەم: مامەڵەکردن و سیاسەتی ئیدارەی نوێی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران و تورکیا، ڕەنگە تەواوکاری سیاسەتی بەرامبەر هەرێم و رۆژئاوا بێت.

هەرچەندە زۆربەی پێشبینییەکان بۆ ئەوە دەڕۆن کە واشنتۆن بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەوروپا سیاسەتی خۆی بەرامبەر بە ئێران دادەڕێژێتەوە، کە هەنگاوی سەرەکی ئەم سیاسەتە گەڕانەوەیە بۆ ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران و کەمکردنەوە یان نەهێشتنی سزاکانی سەر ئەم وڵاتە، بەڵام ئەم هەنگاوە ئاسان نیە بەهۆی جیاوازی دۆخی ئێستا(٢٠٢١) لەگەڵ کاتی مۆرکردنی ڕێککەوتننامەکە، هەروەها داواکاری نوێی ئەمریکا لە داخڵکردنی مەسەلەی موشەك و چالاکییەکانی ئێران لەدەرەوەی سنوری وڵاتەکەی بۆ ڕێککەوتننامەکە. هەرێمی کوردستان و رۆژئاوا بەهۆی پێگەی جوگرافییان بەشێك دەبن لە هەر پێکدادان یان ئاشتبونەوەیەك نێوان ئەمریکا و ئێران. دور نیە هەردوولا کورد وەك کارتێك دژ بە ئەوی دیکە لە ململانێ و گفتوگۆکان بەکار بهێنێت.

سەبارەت بە تورکیا، هەرچەندە ململانێی ئێران-ئەمریکا سەردێڕی هەواڵەکانی داگیرکردوە، بەڵام ململانێی ئەنقەرە-واشنتۆن سەبارەت بە هەرێمی کوردستان و رۆژئاوا توندترە بەڵام شاراوەتر. سەبارەت بە رۆژئاوا بڕیاری هاوکاریکردنی شەڕڤانان لە سەردەمی ئۆباما-بایدن درا و پێشبینی دەکرێت ئەم سیاسەتە لە سەردەمی بایدندا بەردەوام بێت، ڕەنگە گۆڕانکارییەکیش ڕوبدات کە ئیدارەی بایدن زیاتر لەگەڵ چارەسەری ناوخۆییانە و دیموکراتییانەی کێشەی کورد بن لە سوریا لە چوارچێوەی دەوڵەتی سوریا و دژ بە دەستێوەردانی تورکیا دژی هەوڵی نەهێشتنی قەوارەی کوردی رۆژئاوا بوەستێتەوە. بەکورتی ڕەنگە کارکردن بۆ دەستەبەرکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد بەشێوەیەکی دەستوری و بەردەوام لە چوارچێوەی سوریادا ئامانجی سەرەکی ئیدارەی بایدن بێت بۆ کوردانی سوریا.

سەبارەت بە هەرێمی کوردستان، پێناچێت ئیدارەی نوێی ئەمریکا بەهەمان شێوەی ئیدارەی پێشوو دەستی تورکیا بۆ دەستێوەدان لە هەرێم بکاتەوە، خودی هەڵوێستی ئەمریکا لەسەر هێرشەکەی ئەمجارەی تورکیا بۆ سەر چیای گارە ئاماژەی جیاوازی ئەو سیاسەتەیە. هاندانی هاوپەیمانان، چ لەچوارچێوەی ناتۆ یان یەکێتی ئەوروپا یان لەدەرەوەیدا، بۆهەڵگرتنی بەرپرسیارێتی لە عێراق و سوریا یەکێك دەبێت لە سیاسەتە پەسەندکراوەکانی ئیدارەی نوێ.

سێیەم: شەڕی داعش و تیرۆریستان کارتێکەرێکی تری داڕشتنی سیاسەتی بایدنە بەرامبەر بە هەرێم و ڕۆژئاوا، ئیدارەی کوردستان چ لە باشور و چ لە ڕۆژئاوا، لەماوەی شەڕی قاعیدە و داعشدا، توانییان ڕۆڵی سەرەکی لەگەڵ هاوپەیماناندا بگێڕن بۆ لەناوبردنی تیرۆریستان، بۆیە لە بەردەوامی مەترسی دەرکەوتنەوەی بەهێزی داعش و تیرۆریستان لەناوچەکەدا کوردانی عێراق و سوریا تا ئێستا هاوپەیمانێکی متمانەپێکراوی شەڕی دژ بە تیرۆرن.

هەرێمی کوردستان، سەرباری بەردەوامی هاوکارییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا، بەهۆی یەکنەخستنی هێزی پێشمەرگە و بەمۆدێرننەکردنی دامودەزگا و عەقیدە سەربازییەکە و نەبوونی ستراتیجێکی ئەمنی و سەربازیی یەکگرتوو لەئێستادا نیگەرانی قوڵی لای هاوپەیمانان سەبارەت بە کارایی و چالاکی ئەم هێزە وەك هاوبەشێکی سەرەکی ئایندەیی هاوپەیمانان لە ناوچەکەدا دروستکردوە. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە دۆسێی ئاسایش و ئارامی و دژایەتی تیرۆر خاڵی بەهێزی پێگەی کورد بووە لە هاوپەیمانی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوادا، لاوازبونی دامەزراوەیی هێزە ئەمنییە کوردییەکان(پێشمەرگە، ئاسایش، دژە تیرۆر) مەترسییەکی گەورە لەسەر ئایندە و پێگەی ناوچەیی کورد دروستدەکات، مەترسییەکە پێویستە سیاسەتمەدارانی هەرێمی کوردستان بەزووترین کات لەسەر ئاستی باڵا چارەسەری بکەن.

پێدەچێت عێراق لەسەردەمی بایدنیشدا هێشتا وەك گۆڕەپانی ململانێی نێودەوڵەتی و ئیقلیمیی توند دژ بە ئەمریکا بمێنێتەوە، تەنانەت گەر ڕێککەوتنێکی ئەمریکا-ئێرانیش ئەنجام بدرێتەوە، ئەستەمە نە ئەمریکا و نە ئێرانیش گۆڕەپانی عێراق بۆ یەکتر چۆڵ بکەن. دروستکردنەوەی عێراقێکی فرەڕەنگ و هاوسەنگ و بەشدارپێکردنی زیاتری کورد و سوننە لە پرۆسەی بڕیاری فیدراڵی و فراوانکردنی ڕۆڵی نەتەوەیەکگرتوەکان و ناتۆ و یەکێتی ئەوروپا چەند بژاردەیەکی خواستراوی ئیدارەی نوێی ئەمریکان بۆ عێراق، بەڵام ئەم پرۆژانە دور لە ڕۆڵ و سیاسەتی ئێران لە هەرێم وعێراق و ئایندەی پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمریکا و ئامادەیی یەکێتی ئەوروپا و نەتەوەیەکگرتووەکان لەناوچەکەدا هەروەها ئامادەیی و یەکدەنگی هەرێمی کوردستان، دەرئەنجامی جیاوازیان دەبێت.

## About the: Centre for Future Studies

A Non-Governmental Centre For Academic Research in the Public Interest.

**Aims and objectives:**

1. To promote expertise and support research activities in politics and international relations with a particular focus on the future of strategy and public and foreign policies.
2. To contribute to the development and improvement of the philosophy of scientific research in Iraqi Kurdistan.
3. To offer the governing institutions of the KRG (KRG) professional and expert advice.
4. To offer professional and expert advice to the private sector and non-governmental organizations operating in Iraqi Kurdistan.
5. To contribute to the improvement of the learning program in the field of the center's expertise.
6. To hold scientific conferences and seminars on current and future domestic and international political and strategic issues.
7. To coordinate with governmental and non-governmental centers for scientific research in and outside Iraqi Kurdistan with the aim of exchanging ideas and expertise.
8. To follow up and measure directions of, and trends in, the public opinion in Iraqi Kurdistan, particularly on those issues that are crucial to the stability and prosperity of the region.
9. To train and prepare researchers in the center's area of expertise.
10. To address the region's strategic issues that have not yet been approached from an academic and scientific standpoint.

**Activities:**

1. To carry out and publish scientific research.
2. To hold regular conferences, seminars and talks on current and future domestic, regional, and international political and security issues.
3. In addition to policy papers, analytical reports, and books, the center publishes a scientific journal that mainly deals with the future of domestic, regional, and international strategic and security issues.
4. To conduct interviews and interact with public and private media.
5. To translate and publish books and journal articles from English (and other foreign languages) to Arabic and Kurdish on the topics of the center's expertise.
6. To carry out opinion polls on various domestic political issues in Iraqi Kurdistan.
7. To gather data and publish analysis on various issues connected with public policy in Iraqi Kurdistan.

## حول: مركز الدراسات المستقبلية

مركز غير حكومي تأسس لإجراء دراسات علمية بغرض تحقيق المصلحة العامة.

**أهداف المركز:**

١. دعم عملية البحث العلمي وتشجيع المختصين والباحثين لأجراء البحوث في المجالات المتعلقة بالدراسات المستقبلية والسياسة العامة والاستراتيجية والشؤون الخارجية.
٢. المساهمة في انماء فلسفة البحث العلمي وتطويرها في اقليم كوردستان.
٣. تقديم استشارات علمية والخبرة البحثية للمؤسسات الحكومية في اقليم كوردستان.
٤. تقديم استشارات علمية والخبرة البحثية للقطاع الخاص والمؤسسات غير الحكومية في اقليم كوردستان.
٥. المساهمة في تطوير المناهج الدراسية في المجالات المتعلقة بإختصاصات المركز.
٦. تنظيم مؤتمرات وندوات علمية لدعم عملية البحث العلمي وتعزيزها.
٧. التنسيق مع المراكز الحكومية وغير الحكومية المعنية بالبحث العلمي داخل اقليم كوردستان وخارجه، بهدف تبادل الخبرات العلمية معها.
٨. متابعة إتجاهات الرأي العام وقياسها حول القضايا التي تجذب اهتمام المواطنين وتؤثر في مصالحهم.
٩. اعداد الباحثين وتأهيلهم في المجالات التي تختص بها المركز.
١٠. العمل على دراسة القضايا الاستراتيجية في اقليم كوردستان التي لم تدرس وفق المعايير العلمية.

**نشاطات المركز:**

١. اجراء البحث العلمي و نشره.
٢. تنظيم المؤتمرات والندوات العلمية.
٣. نشر الكتب و الدراسات العلمية المتعلقة باختصاصات المركز.
٤. اصدار مجلة علمية محكمة.
٥. التواصل مع قنوات الاعلام المعنية باهتمامات المركز واجراء الاستفتاءات العلمية لقياس اتجاهات الرأي العام.
٦. ترجمة الكتب و الدراسات العلمية الاجنبية المتعلقة باختصاص المركز ونشرها.
٧. رصد المعلومات والبيانات في جميع مجالات السياسة العامة في اقليم كوردستان وتحليلها ونشرها.

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

Futuristic Readings No.9

# The Biden Era ...
# America's new Cabinet Policy in the Middle East;
## And its Consequences on Iraq and Kurdistan

# عهد بايدن...
# سياسة الإدارة الأمريكية الجديدة في الشرق الأوسط؛
## وتداعياتها على العراق و كردستان

Sulaimani
February 2021
www.centerfs.org